# گرژبوونی دەروونیی لە کۆڕێکدا




**سلێمانی**- سەعات (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی (٦/١٣) ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک) لە هۆڵی (دیالۆگ) سیمینارێکی بۆ بەڕێز (عەبدوڵلا تۆفیق) پسپۆڕ لە ڕاهێنانە دەروونییەکان لە ژێر ناوی (گرژبوونی دەروونیی-stress) و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە بەهۆی وەرزشە دەروونییەکانەوە، ڕێکخست، دوای تەواوبوونی کۆڕەکە (عەبدوللا تۆفیق) تایبەت بە **کوردستانی نوێ**ی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ ویستم شتێك لەبارەی وەرزشییە دەروونییەکانەوە بگەیەنمە کوردستان ئەویش لەسەر بابەتی کاریگەریی گرژیی دەروونیی کە ئەم فشارە لەناو ئێمەدا بەڕادەیەکی زۆر بوونی هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە لەکۆمەڵگایەکدا دەژین خەڵکی زۆر ماندووە بەبێئەوەی هیچ بیربکاتەوە لە تەندروستی خۆی بۆیە بەگرنگمزانی کە ئامۆژگاری یان بەبیر خەڵکی بخەمەوە کە گرنگە لەسەر خۆی پێویستە لەلایەن خۆیەوە هەوڵبدات چارەسەرێك بۆ ئەوە بدۆزێتەوە کە بە ڕێگەی وەرزشییە دەروونییەکان چارەسەری خۆی بکات.

**لە دەرسیم نوری-یەوە**